# کتێبی نالی
# گفتوگۆیەك لەگەڵ "ڕێبوار سیوەیلی"دا

**سازدانی: ئازاد هیدایەت دەلو**



***هۆی هەڵبژاردنی نوسین لەسەر شیعری نالی، دەگەڕێتەوە بۆ چی؟**

–پێم وابێ لە پێشەکی "کتێبی نالی"دا باسم لەو هاندەرانە کردبێ، کە لە پشت گێرسانەوەی من لەسەر شیعرەکانی نالی ئامادەن‌و ڕەگ‌و ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ منداڵیەکی زو.. بۆ کەش‌وهەوای گوندو کاریگەری میدیایەکی وەکو ڕادیۆو ئیمانداری‌و ڕۆحی شاعیرانەی باوك‌و بریندارییەکانی‌و هتد. بۆیە لێرەدا ئەوەندەی بتوانم خۆم لە دوبارەکردنەوەیان بەدور دەگرم. من لە ساڵی 1988 بەدواوە، کە لە دانیمارك گیرسامەوە، هەستم دەکرد لەگەڵ فێربونی زمان‌و ئەو ئەرکانەی کە کۆمەڵگای تازە دەیدات بە سەرما؛ دەبو کاری تر بکەم‌و زیاد لە پانتاییەك بۆ سەلماندن‌و بەکارهێنانی تواناکانم، تاقی بکەمەوە. یەکێك لەو کتێبانەی لەگەڵ خۆم بردبوم، **دیوانی‌نالی** بو بە شەرحی مامۆستایانی مودەڕیس، کە من پێم وایە تا ئێستا جوانترین‌و ڕەخنەکارانەترین لێکدانەوەی ئەو بەرهەمە کلاسیکیە گەورەیەی مێژوی شیعری ئێمەیە.

ئەم کتێبە هاوڕێیەکی نزیکم بو، یاخود با بڵێین یەکێك بو لەو کتێبانەی کە بەردەوام دەگەڕامەوە سەری‌و لە تەنیاییەکانی وڵاتێکی وەك دانیمارکدا، کەلێنێکی گەورەی بۆ پڕ دەکردمەوە. پێموابو لەوێش ئەو بارودۆخی تەنیاییەی کە هەر تاراوگەکراوێك تێی دەکەوێ، بۆ خۆی بەسە کە هانی بدا لە شیعردا هاودەمێك بۆ خۆی بدۆزیتەوە. چەندە خۆشبەختیشن

ئەو کەسانەی کە لە تاراوگە، شیعری شاعیرێکی گەورەی وەکو نالی، وەکو جزیری، ئەحمەدی خانیو مەحوی و.. دەبنە هاوڕێیانو خۆیانی پێوە خەریك دەکەن! جا من پێموایە هاندەری یەکەم بۆ ئیشکردن لەسەر نالی، کەشو هەوای تاراوگەکراوێکە کە لە دەرەوەی کوردستان. ئەم تاراوگەکراوە لە تەنیایدا دەژیو ئەم تەنیاییە هانی دەدا هاوڕێیەکی مەعنەوی بۆ خۆی دروست بکاتو زۆرجاریش ئەشێ ئەم هاوڕێیە کتێبێك بێ!

لێرەوە، ئەتوانم بڵێم: لە چوارچێوەی ئەو شێوازی ژیانەدایە، کە من لە تاراوگە بەشێکی چالاکیی خۆم تەرخان دەکەم بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی نالی. بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ هەر یەکێك لە ئێمە بەشێك لە ناسنامەی خۆمان لە شیعری کلاسیکیدا ئەبینینەوە، بە تایبەتی شاعیرە گەورەکانی کە پێشتر ناوم هێناون ئێمە لە قوتابخانەوە بە ناوەکانیان ئاشنا بوین. تۆ ئەمڕۆ کوردێك ببینیو بە شێوەیەك لە شێوەکان بە ناوو شیعرو دنیابینی ئەو شاعیرنە ئاشنا نەبێت، ئەتوانم بڵێم بنەمایەکی گرنگی ناسنامەی خۆی لەدەست داوە، یاخود بەئاگا نیە بەرامبەری. بۆیە هەر یەکێك لە ئێمە، وەکو کورد، لە هەر شوێنێك کە هەین، دنیای ئەم شاعیرانە، شیعری ئەم شاعیرانە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵماندا، ئەژینو لە ئاسۆی خەیاڵو ڕوانینماندا، ئامادەیی دیارو نادیاری خۆیانیان هەیە. بەڵام بەشێوەی ئەوەی کە تۆ بە تایبەتی بێیت خۆتی بۆ تەرخان بکەیو لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە ئیشیان لەسەر بکەیت، ئەوە پێموایە ئەو هۆکارانە دەوریان بینیوە کە پێشتر عەرزم کردیو لە پێشەکی کتێبەکەشدا باسم کردون.

***"کتێبی نالی!"؟ بۆچی هەست دەکەین ئەو ناونیشانە لەنگە؟ باشتر نەبو ناوێکی وەك: شیکردنەوەی شیعرەکانی نالی، یاخود: هونەر لە شیعری نالیدا، یان بڵێین فەلسەفە لە شیعری نالیدا، بۆ کتێبەکە هەڵبژێریت؟!**

—ئێوە ئازادن لەوەی کە چۆن تەماشای ئەو ناونیشانە دەکەنو چ ڕوانگەیەکی تەئویلیو خوێندنەوەیەك بۆ ناونیشانی کتێبێ دەکەن. وەلێ بە لای منەوە ئەو ناونیشانە بەرزکردنەوەی ئاستی شیعری نالی ە بۆ ئاستی کتێبە موقەدەسو پیرۆزەکانی دنیاو پێموایە ئەگەر ئاستێك لە ئاستەکانی پیرۆزی بۆ شیعرو جیهانبینی شاعیرانە، قایل نەبوین، ئەوە هەڵەیەکی گەورەمان بەسەردا تێپەڕیوە. بێگومان ئێمە لەگەڵ نالی دا، لە بەردەم شاعیرێکدا نین، کە خۆی هیچ نەبێتو بمانەوێ لە ڕێگەی پرۆزکردنیەوە بایەخ بۆ شیعرەکانی بگێڕینەوە. بە لای منەوە هەمو شیعرێکی بەرز، لە چەشنی قەسیدەکانی نالی؛ هەڵگری ئاستێکی پیرۆزینو لە هەمو پیرۆزیەکیشدا Hi lling بەو مانایەی مێرسیا ئێلیادە باسی دەکات؛ ئاستێکی شیعری هەیە. هیچ کامێ لە کتێبە گەورەکانی ژیاری مرۆڤایەتی بێبەش نین لە شیعریەتو پیرۆزیو لە تێکەڵێك لەو دو ڕەگەزە. ئێمە کتێبێمان هەیە بە ناوی "کتێبی بودا" کتێبمان هەیە بە ناوی "کتێبی زەردەشت"و "کتێبی عیسا"و "کتێبی موسا"و "کتێبی محمد"و هتد، کە هەمویان تێکەڵێکن لە پیرۆزیو شیعری. ئەمە جگە لەوەی مێژوی کتێب بۆ خۆی پڕە لە ڕوداوی پیرۆزمەندو شکۆدار: لە پشت ژمارەزۆریی دەستنوسو هەمو

ئەو هەولانەی مرۆڤ داونی بۆ پاراستنی کتێبەکان، ڕێزگرتنێکیش لە پیرۆزمەندیو لەوێشەوە لە شیعری هەیە، کە بێگومان ئێستا بە لای ئێمەوە نرخێکی ئەوتۆی نەماوە، وەلێ بۆ نەوەکانی پێش ئێمە نرخێکی مەعنەویی تایبەتیان هەبوە. جا ئەگەر مێژوی کتێب بۆ خۆی بەو ڕەوتەدا تێپەڕیبێتو ئێمەش شاعیرێکی گەورەی وەکو نالی مان هەبێت، بۆچی کتێبێکمان نەبێت بە ناوی "کتێبی نالی" کە مرۆڤێکە بە تەواوی مانا "کتێب"ی بەرهەم هێناوە؟

بە مانایەکی تر، دەمەوێ بڵێم: بەو تێگەیشتنەی کە نالی یەکێکە لەو کەسایەتیە گەورانەی ناو مێژوو خەیاڵگەی مرۆڤی کورد، ئەوەی دەشێت کتێبەکەی یادهێنەرەوەی کتێبە پیرۆزەکان بێتو جگە لە پەیامە شیعریەکەی، هەڵگری پەیامێکی یەزدانیش بێت. شیعر بە گشتیو شیعری کەسانێکی وەکو نالیش بە تایبەتی؛ لە ئاستێك لە ئاستەکاندا، دەکرێ هەڵگری پەیامێکی یەزدانیانەی پیرۆز بێ، چونکە مامەڵەی نالی لەگەڵ زماندا، هەمان مامەڵەی یەزدانە لەگەڵ گەردوندا. لێرەوە پێموایە ناونیشانی "کتێبی نالی" هەوڵدانێکی چاونەترسانەی منە بۆ ئەوەی کە نالی تەنیا لە ئاستی شاعیرێکیدا نەبینم، کە لە ناو مێژودا ئەیدۆزنەوە؛ بەڵکو شاعیرێکە لە دەرەوەی مێژو، شاعیرێکە لە پێکهاتەی ناسنامەی یەکبەیەکی تاکەکاندا ئامادەییەکی زیندوی هەیەو لەکاتی قسەکردنماندا لەسەر دنیای مرۆڤی کورد، بە تایبەتی لە دوای کۆتاییهاتنی میرنشینەکانی کوردەوە، ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێت. مرۆڤێ کە دوپارەو شەق دەبێتو دوچاری دڵەڕاوکێو گومانێکی ژیاریو وجودیانە دەبێت.. مرۆڤێ کە ئیدی لە جیهانبینی شاعیرانە دور دەکەوێتەوەو ئەڵتەرناتیڤێکی ئەوتۆشی نیە پەنای بۆ ببات.. لە دوای نالیو هاوڕێکانیەوە، مرۆڤی کورد لە تینوێتیو سەفەرێکی بەردەوامدا ژیان بەسەر دەبات، کە نە کۆتایی دێتو نە دەگاتە سەرچاوەیەکیش کە بتوانێ تینوێتی خۆی لێ بشکێنێ..

*"قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور" ئەو دەقەیە کە تۆ زیاتر لە سەری وەستاویتو شیی دەکەیتەوە، بۆچی؟

–خۆی ئەگەر تەماشای ئەم کتێبەی من بکەی، زیاتر لە سێ تێکستم شی کردۆتەوەو هەریەکەیان هەڵگری گوتارێکی تایبەتە. یەکێك لەو تێکستانە ئەو چامەیەیەتی، کە دەشێت لە بنەمادا نامەیەك بو بێت بۆ سالمی هاوڕێی. لەم دەقەدا نالی کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ دەهەژێنێ، واتە شیعر بارگاوی دەکا بە ماناگەلێكو ئەرکێك دەدا بەسەر شیعردا، کە پێشتر لە شیعری کوردیدا هیچ شاعیرێکی تر ئەو وەزیفانەی بەسەر شیعردا نەداوە. نالی لەوێدا پرسیار لە خودێتی خۆی دەکاو خود لە لای ئەو دەبێتە پرسیار، کاتو شوێن دەبنە پرسیار، سروشتو ژینگەو ڕەگەزەکانیان دەبنە پرسیار. بەو دیوی تردا: پرسیار لە بون دەکاو دەیەوێ بزانێت، بون چیە؟ پرسیار لە نیشتمانو ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەکاو بە دوای ئەو ئەو ناسامەیەدا دەگەڕێ، دواجار دەکەوێتە داڕشتنەوەی جوگرافیاییو لۆکاڵیو شارو مەڵبەندو ناوچەی خۆیو لە سەروی هەمو ئەمەشەوە دواجار نالی ئەگەڕێ بە شوێن

ناسنامەی خودی خۆیدا.. لەبەرئەوە ئەم دەقە سەفەرێکی گرنگەو لە کۆتایی ڕێگاکەداو دوای گەڕانێکی زۆر بە شوێن وەڵامدا، ئێمە بە حەقیقەتێك دەگەین کە ئەویش "حەقیقەتی نالی"یە: نالی وەك تاکەکەسێك، وەك کوردێكو وەك موسوڵمانێكو هەم وەکو مرۆڤێکیش کە خاوەنی ڕەهەندی تایبەت بە خۆیەتی. من ویستومە لە قسەکردنمدا لەسەر ئەم دەقە گوتاری نالی لەسەر ناسنامەو پەیوەندی مرۆڤ بە شوێنەوە بەرهەم بهێنمەوە، لە کاتێکدا هەوڵم داوە لە کاتی قسەکردنم لە بارەی قەسیدەی مەستورەوە، گوتاری نالی لەسەر جەستەو ئەوی تر بەرهەم بهێنمەوەو پاشانیش لە ڕێی شیکردنەوەی دەقی کەرەکەیەوە، هەندێ مەسەلەی دیکە ئاماژە پێ بدەم، کە نامۆ نین بە خولیای کەسێکی وەکو نالی. بۆیە بە لای منەوە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکان لە ماوەی جیاوازدا نوسراون، وەلێ تەواوکەری یەکدینو چاکتریشە لە پەیوەندیان بە یەکترەوە بخوێنرێنەوە..

***"گریێ-کوێرە" لە شیعری نالیدا زۆرە، واتە کەم کەس بە ئاسانی دەتوانێ نالی بخوێنێتەوەو لێی تێ بگاتو بزانێ مەبەستی چیە.. خوالێخۆشبو مامۆستا مەسعود محەمەد لە گفتوگۆیەکی ڕادیۆییدا فەرموی: "گرێکوێرەی شیعرەکانی نالی هی ئەوتۆیان هەیە بە بیست تاکو 30 ساڵ، یالا توانیومە پەی پێ بەمو بتوانم بیکەمەوە"، ئایا ئێوە لەم بارەیەوە چ دەڵێن؟**

-هەڵبەت من ناتوانم لە بارەی قسەکەی خوالێخۆشبو مامۆستا مەسعود محەمەدەوە تێبینیەکی ئەوتۆم هەبێ، ئەمەش لەبەرئەوەی هەر لە بنەماوە لەگەڵ ڕایەکەیدا ناکۆکم.. بەڵام دەربارەی بونی جۆرێك، یان ئاستێك لە ناڕۆشنی لە شیعری نالیدا، پێویستە بگوترێ: هەر شاعیرێکی گەورە خاوەن دنیایەکی تایبەت بە خۆیەتیو زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیەو لەناو ئەو زمانەشدا وشەگەلو قاموسێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە بە "قاموسی شیعریی" ئەو شاعیرە ناوبانگیان دەرکردوە. بۆیە ئێمە لەبەر دەم نالی دا، وەك چۆن لە بەردەم هەر شاعیرێکی گەورەی تردا؛ بۆ نمونە حافزی شیرازی، ئەکەوینە بەردەم هەندێ دەربڕینی شیعریو وێناکردنی جیهان، کە مانا بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە. ئەوەش لەبەرئەوەی لای ئەو شاعیرە گەورانە شیعر، دێڕی شیعریو موفرەدەی شیعری؛ هەڵگری زیاد لە مانایەکەو بە یەکجار شڕۆڤەو لێکدانەوە، خۆی بەدەستەوە نادات. واتە دەبێ تۆ چەندینجار تەئویلی بکەیتەوە، تەفسیری بکەیتەوەو گفتوگۆی لەگەڵدا بکەی ئینجا پێدەچێت یەکێ لەم مانایانە خۆی بدا بە دەستەوە.

من پێموانیە لە شیعری شاعیرێکی وەکو نالیدا "گرێکوێرە" هەبێ، بە داخەوە زۆر لە لێکۆڵەرەوەو توێژەرەوەکانی ئێمە، لەوانەش مامۆستا مەسعود محەمەد؛ لەگەڵ ئەوەدا کە ویستویانە شیعری ئەم شاعیرە گەورانەمان پێ بناسێنن، هەوڵیشیان داوە کە ڕێگاکە وا لێ بکەن کە هەمو کەس نەتوانێ پێیدا بڕوات. ئەوان نەوەکانی دوای خۆیان ترساند بەوەی کە گوتیان، نابێ هەمو کەس دەست بۆ نالی بباو ئەمەشیان بەستەوە بە قورسیو هەبونی گرێکوێرەو ئیبهامەوە لە دەقی شاعیرێکی وەکو نالیدا، نەك بە نەبونی میتۆدێکی

لێکدانەوەی شیعریەوە. بەڵام ئێمە کاتێك ئیش بە مەنهەجیەتێکی ڕەخنەی ئەدەبی ئەکەین‌و لەوێوە دەچینە ناو دەقەکانەوە، ئاسۆی مانا بە جۆرێکی دیکە خۆی ئاشکرا دەکات. پێش هەمو شتێ دەکرێ تۆ ئەم مەنهەجیەت‌و میتۆدە فێر ببیت‌و بەکاری بهێنی بۆ تەفسیرکردن‌و لێکدانەوەی مانا جیاوازەکانی شیعری شاعیرێك. دەکرێ میتۆدەکان بگۆڕیت‌و دەشکرێ فرە میتۆدی لە لێکدانەوەکانتدا بخەیتە کارو هتد.. بەڵام کە تۆ مەنهەجت نەبو، بە سیستەمێکی زاراوەیی کارت نەکردو ئیجتیهادی شەخسی زیاتر دەوری بینی لە لێکدانەوەی شیعرەکاندا، ئەوە لەو حاڵەتەدا ئەڵێی شیعری ئەم شاعیرە پڕە لە گرێکوێرەو ئەو گرێکوێرانە لە زەمەنێکی دورو درێژدا دەکرێنەوە. بەمجۆرەش مەودایەك لە نێوان بەرهەمی شاعیرەکەو خوێنەراندا دروست دەکەیت!.

به بڕوای من ئەمە پەیوەندی بەوەوە نیە گرێکوێرە هەیە، پەیوەندی بەوەوە هەیە زیاد لە مانایەکمان هەیە لە شیعری شاعیرێکی وەکو نالیدا، کە زیاد لە مانایەکیشت هەبو، ئەوە هەر ئەوەیە لە ڕەخنەکارو خوێنەران، ماوە–ماوە لە ڕوانگەی تەواو جیاوازەوە قسان لەسەر یەك دەق دەکەن‌و هەمو ئەو ماناو چەمك‌و جیهانبینیەی لە شیعری نالیدا بە دەستی دەهێنن، جیاواز دەبێ لە کۆی هەمو ئەو شتانەی تا ئێستا ئێمە لەسەر نالی گوتومانە. بۆیە شیعری شاعیرگەلێکی وەکو نالی بە دەریایەك ئەچوێنم، بە بەحرێکی گەورە ئەچوێنم کە جگە لە ڕوکەش‌و لە قوڵایی، ئێمە ڕوبەڕوی چەندین کەلێن‌و قوژبنی دیکەش دەبینینەوە، کە تەنیا بە هۆی مەنهەجێکی کارای ڕەخنەی ئەدەبیەوە ئەتوانین ئەو کەلێن‌و قوژبنانە بدۆزینەوە، ئەو تاریکیەی باڵی کێشاوە بەسەر شیعری نالیدا بڕەوێنینەوە کاری ڕۆشنگەری تیا بکەین. کەواتە شیعری نالی هەڵگری هیچ گرێکوێرەیەك نیە، بەڵام ناچاریت زیاد لە جارێك بیخوێنیتەوە بەبێ ئەوەی بگەیتە مانای کۆتایی دەقەکان. هەربۆیە ئەبێ باس لە کتێبی نالی بکەین، لە جیهانبینی نالی، جیهانبینیەك کە خۆی نادا بە دەست نەوەیەکی تایبەتەوە، بەڵکو نەوە دوای نەوە ئەبێ بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بتوانین وێنەیەکی ڕۆشن‌و تایبەت بە خۆیان لەسەری هەبێت.

***شیعرەکانی نالی لە ڕوی کۆمەڵایەتیەوە چ بایەخێکیان هەیە؟ واتە با بڵێین چ لایەنێك دەگرنەوە، لایەنی دڵداری، یاخود نیشتمانپەروەری، یاخود لایەنەکانی تر..**

–بەڵێ.. سوپاس بۆ ڕونکردنەوەی دوایی پرسیارەکەت. ئەگەر ئێمە سەرژمێریەکی شیعری نالی بکەین، تەماشا ئەکەین ژمارەیەکی زۆر لە شیعرەکانی غەزەلی خۆشەویستین، یان خۆشەویستین بۆ ئینسانەکەی تر، بۆ بەرامبەر.. من کە ئەڵێم نالی بەشێکە لە ناسنامەی نەتەوەیی ئینسانی کورد، مەبەستم ئەوەیە کە بینینی بەرامبەرو بەخشینی خۆشەویستی بەوی تر، لە شیعرەکانی نالیدا مەرجە بۆ قسەکردن لەسەر خودو بۆ بەخشینی خۆشەویستی بە خۆمان. شیعری کلاسیکی ئێمە ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە بناغەداڕشتنی جۆرێ لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوی تردا، کە لەسەر بنەمای خۆشەویستیەوەیە. لە ئەدەبی کلاسیکی ئێمەدا، مرۆڤی کورد، خۆی لەگەڵ ئەوی تردا بەراورد دەکات، گلەیی لێ دەکات، دەیداتە بەر ڕەخنەو بەرپرسیاری دەکا، وەلێ ئەم ئەدەبە هەرگیز هانمان

نادات ڕقمان له ئەوی تر ببێتەوە، یاخود قیز لە زمان و کەلتورەکەی بکەینەوە. بگرە گەلێ لە شاعیرە پایەبەرزەکانی ئێمە، بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بە ئەوی ترو پتەوکردنی پردی پەیوەندیی نێوان خۆیان و ئەوان، پەنایان بۆ زمانی ئەوی تر بردوەو گەلێ دەقی جوانیشیان تێدا بەرهەم هێناوە. ئەمە کەلەپورێکەو هەیەو دەتوانین بەدور لە گرژیی هەنوکەیی، لێی بکۆڵینەوە.

بە کورتی دەمەوێ بڵێم: لە بەرهەمی شاعیری کلاسیکیماندا، مرۆڤی کورد ڕێگەی پێ نەدراوە ڕقی لە بەرامبەرو لە ئەوی تر بێتەوەو گوتارێکی ئاشتیخوازانەی پتەو ئامادەیە بەرامبەر بە ئینسان بە گشتی. ئەگەر شیعری نالیش بکەینە پارسەنگ، دەبینین نالی کەسێکە خۆشەویستیەکی زۆری بە ئینسان بەخشیوە. بەڵگەشمان بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە کاتێ چاو بە دیوانەکەیدا دەگێڕیتەوە، تەماشا دەکەی، لە پاڵ ترس و خۆشەویستی لە ئاست یەزداندا، لە پاڵ خۆشەویستی بۆ نیشتمان، لە پاڵ خۆشەویستی بۆ سروشت و بۆ حەیواناتەکانی تر، ژمارەیەکی زۆر لە غەزەل و قەسیدەکانی خۆی لە پێناوی خۆشەویستی بۆ ئینساندا نوسیوە.. کەواتە ئێمە لەگەڵ نالی و شاعیرەکانی پێش نالی و ئەتوانم بڵێم چەند شاعیرێکی دوای نالیشدا، لەبەردەم دامەزراندنی بیرۆکەیەکی جیاوازداین، دامەزراندنی هزرێکی شاعیرانەی ئەوتۆ کە لەسەر بنەمای مرۆڤدۆستی بەندەو دەتوانین ناوی بنێین: هیومانیزمی کوردی، کە بەدەر نیە لە هەندێ خەسڵەتی شەرمنانەو خۆبەکەمزانانەی ئێمەی کورد! وەلێ ئەم بیرۆکەیە، لەسەر بنەمای مرۆڤدۆستی بەندەو مرۆڤدۆستی ش هیچ مانایەکی نیە ئەگەر تۆ ژیانت بە گشتی خۆش نەوێ. بۆیە شیعری نالیش بە پلەی یەکەم شیعرە بۆ مرۆڤ و خۆشەویستیە بۆ مرۆڤ، ئەوسا خۆشەویستیە بۆ ژیان و پانتاییەکانی ژیان بە گشتی و ژیانی مرۆڤ بە تایبەتی. ڕەنگە هەر ئەمەش ئەو هۆکارە بێت کە ناهێڵێ شیعری نالی کۆن ببێت و بەردەوام داوای خوێندنەوەی تازەترمان لێ دەکات.

لە دوای ئەمجۆرە خۆشەویستیە، ئینجا نۆرەی خۆشەویستی بۆ نیشتمان و خۆشەویستی بۆ یەزدان دێت. تۆ لە بیرت نەچێ کە دورو درێژترین قەسیدەی نالی خۆشەویستیە بۆ پەیامبەری ئیسلام، پەیامبەر، وەك ئەوەی هەڵگری خەسڵەتی پیرۆزەو وەك ئەوەش کە هەڵگری خەسڵەتە دنیاییەکانە. بۆیە دەتوانین بڵێین: لە شیعری زۆربەی شاعیرە گەورەکانی وەك نالیدا، مەسەلەی خۆشەویستی بۆ نیشتمان، خۆشەویستی بۆ ئینسانەکانی تر، بۆ سروشت و حەیوانات، لە یەکتر جیا نەکراوەتەوە. لەیەك کاتدا، کە مرۆڤی خۆش ئەوێ، ئیمانیشی هەیەو دەشتوانێ مرۆڤ لە پێگەیەکی پیرۆزدا ببینێ، بێئەوەی ئەمە لەسەر حسابی ئیمانەکەی تەواو بێت! بە هەمان شێوە، خۆشەویستی نالی بۆ شوێن و مەڵبەندی وڵات، دابڕ نیە لە خۆشەویستی ئەو، بۆ ئەو مرۆڤانەی کە لەو شوێنانەدا ژیاون و بۆ ئەو کانی و درەخت و بەردانەی لەوێدا هەن.

ئەو قەسیدەیەی جەنابت ئاماژەت بۆ کرد: " **قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور/ ئەی پەیکی شارەزا بە هەمو شاری شارەزور**"، ئەمە چەند خۆشەویستیە بۆ نیشتمان، ئەوەندەش خۆشەویستیە بۆ مرۆڤ، ئەوەندەش خۆشەویستیە بۆ ئەو شوێنە پیرۆزانەی کە مرۆڤ لە چوارچێوەی کەلتورو ئاینێکدا بڕوای پێیانە.. ئیمان بە یەزدان و بڕوای ئاینی، لای نالی، نابێتە هۆی تەسککردنەوەی مەوداکانی دیکەی پەیوەندیی ئەو بە مرۆڤ و شوێن و

حەیوان‌و شتەکانی تـرەوە. لای نـالی جیهانبینیـەکی گـەردونیمان (Cosmology) هەیـە کـە تیایدا هارمۆنیەتێك کۆی بون پێکەوە دەبەستێتەوە.

کەواتـە شـیعری نـالی شـیعرێکی سـەرجەمگیرە، شـیعری جیهانبینیـەکی لێوانلێـوە لـە مانـای پـیرۆزو دنیـایی، لـە وێنـاکردنی پۆتۆپیانـەو نـامۆبونی کۆمەڵایەتیانـە، شـیعری مناڵیـەکانی مـرۆڤ‌و پیریـەکانی ئینسانەو هێشتا بە شەڕانیەتی ژیـان موبتـەلا نـەبوەو بـون لـەناو ئـەم شـیعرەدا، بونێکـی خاوێنـەو بانگهێشتنێکە بۆ بـەردەوامی لـە ژیـانێکی هاوسـەنگدا. بۆیـە لـە ئاسـت شـیعرێکدا، کـە لـە جیهانبینیەکی سەرجەم گیرەوە هەڵقوڵا بێ، ناتوانین ئەو دابەشکردنە تەقلیدیـەی بۆ بەکار بهێنین کە ئێوە باستان کرد. ئەگەر بمەوێ ڕاشکاوانەتر بدوێم، ئەوە دەبێت بڵێم: وەك خوێنـەری ئاسایی بۆمان هەیە شیعرەکانی نالی بەو جۆرە ڕیز بکەین‌و بیان خوێنینەوەو تێیان بگەین، کە میزاجی تایبەتیمان دەیخوازێت. وەلێ وەك ڕەخنـەگرو توێـژەرەوە، پێویسـتە بزانـین، کـە شـیعرەکانی نـالی پەیوەندیـەکی دینامیکیان پێکەوە هەیەو ناکرێت بەبێ گەڕانەوەمان بۆ کۆی جیهانبینی شاعیرانەی ئەو شاعیرە، لە مانای تاکە بەیت‌و تاکە قەسیدەیەکی تێبگەین. بۆ ئـەوەی ئـەمکارەش بـە ئـەنجام بگـات، پێویسـتە خۆمان لە سنورە تەقلیدیەکانی لێکۆڵینەوەی شیعر قوتار بکەین‌و شیعر نەکەینە قوربانی لە بەردەم یاسا سواوەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی‌و بەناو زانستی.

***ئایا لە خوێندنەوەی شیعرەکانی نالی دا هەست بە لوغز ناکەیت؟ یاخود تا ئێستا هیچ بەیتێك نەبوە بە لاتەوە لوغز بێ‌و بە هیچ شێوەیەك نەتوانی تەفسیری بکەی؟ بە تایبەتی ئەگەر توێژەرەکانی پێش خۆتان ئاماژەیان پێداوەو لەلای ئێوەش بونەتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکانتان؟**

–تۆ چی ئەڵێی لە بەرامبەر ئەم بەیتەی نالی، کاتێ دەڵێت:

**کانی، دەزێن بە ئاو و، درەخت، ئاوسن بە با**

**شایی بەهارە، بولبولە دامادو خونچە: بوك**

ئەم دێڕە شیعریە زیاد لە خوێندنەوەیەك هـەڵدەگرێ‌و پێویستە زیاد لـە خۆتـەرخانکردن‌و زیاد لە دەنگێکیش قسە لەسەر ئەم بەیتە شیعریە بکات. کەواتە بەڵێ، ئەگەر لوغز بە مانای جۆرێك لـە شاردنەوەی مانا بێت‌و هانمان بدا بۆئەوەی زیاد لـە جارێك هـەوڵ بدەیـن تـاکو مانـا لـە داپۆشین‌و شاردنەوە ڕزگار بکەین؛ ئـەوە شـیعری نـالی پـڕە لـەو بەیتـە شـیعریانەی کـە بـە جـارێك‌و دوجـار خوێندنـەوە خۆیـان نـادەن بـە دەسـتەوە. ئەمـە سـیفەتی دیـاری شـاعیرە گـەورەکانی ئێمەیـەو ئەمـە جیایان دەکاتـەوە لـە شاعیرە گەورەکانی دراوسێمان. من هـەرگیز قایل نیـم بـەوەی کـە ئێمـە نـالی بـە قوتابیەکی بچکۆلەی حافز لەقەڵەم بدەین‌و لەژێر سیبەری ئاشکراکردنی مانای قەسیدەکانی حافزدا، باس لە مانای شیعری نالی بکەین. نالی، حافز ی ئێمەیە لە وڵاتی خۆمان‌و لە چوارچێوەی کولتوری نەتەوەیی خۆماندا.. ئێمە هەتا لەم حەقیقەتە تێنەگەین، ناتوانین لە حەقیقەتی شیعری نالی‌و شیعری جزیری‌و شیعری ئەحمەدی خانی‌و شیعری مەحوی تێبگەین. نـاکرێ ئێمـە لـە پـەراوێزی شیعری شاعیرە موسڵمانەکانی تردا لە لوغزی شاعیرە گـەورەکانی خۆمان تێبگەین، ئەبێ قـایل بین بـەوەی ئێمـەش وەك میللـەت شـاعیری زۆر گـەورەمان بەرهـەم هێنـاوەو ئـەبێ لـە چوارچێـوەی کولتـوری

نەتەوەیی خۆماندا، لە چوارچێوەی مێژوی شارستانیەتی خۆماندا، بۆ مانای شیعری شاعیرەکانی خۆمان بگەڕێین. چونکە ئەوان پرسیارگەلێکیان هەیەو ئەو پرسیارانە زادەی قۆناغ و چوارچێوەیەکی کەلتوری/ مێژویین و پێویستە ئێمە بە تێگەیشتن زیاتر لە ساتەوەختی مێژویی و کەلتوری ئێستامان، نەک هانمان بدات بۆ خۆ نغرۆکردن لەناو تەکنیکەکانی بەلاغەتی شیعری عەرەبی و فارسی و هتد. لوغز لە شیعری نالی دا، تا ئەو شوێنە بە نادیاری و وەک لوغز دەمێنێتەوە، کە ئێمە ژیانی هەنوکەیی خۆمانمان بە لاوە مەتەڵێک بێت..

***"کتێبی نالی" چەند قەسیدەیەکی تایبەتی کە خۆت هەڵت بژاردون، گرتۆتە باوەش.. شیعرەکانی تری نالی وەکو خۆیان ماونەتەوە، ئایا جەنابت بەنیاز نیت کتێبێکی تر، یاخود لە بەرگی دووەمی کتێبی نالی دا، شیعرەکانی تری نالی بۆ خوێنەرە تازەکانی ئەم شاعیرە شی بکەیتەوە؟**

-ڕەنگبێ من لە نوسینی "کتێبی نالی"دا زۆر پەلەم کردبی و جورئەتێکی زۆرم بەر خۆم دابێ، کە هەستاوم بە جارێ سێ قەسیدەی ئەم شاعیرەم لەیەک کتێبدا، با بڵێین تەئویل کردوەو قسەی خۆم لەسەر کردون. بۆیە ئەگەر بمەوێ جارێکی تر لەسەر شیعری نالی قسە بکەم، کەمتر پەلە دەکەم و زیاتر وردبینتر دەبم. من پێموایە، نالی ئامادەییەکی زیندوی لەلای زۆربەمان هەیەو ئێمە ڕۆژانە لەگەڵ دنیای شیعری نالیدا، لە گفتوگۆداین، هێندە هەیە دەبێت کاتێکی تایبەت بڕەخسێ بۆئەوەی گفتوگۆکان ببنە نوسین..

***دوابەدوای ئەوەی کتێبەکەت بەچاپ گەیەنرا، هەست بە هیچ کەموکوڕیەک ناکەیت، یاخود هەست ناکەی شتێکت لەبیر چوبێ؟**

-نازانیت دوای چاپکردنی هەر بەرهەمێکم توشی چ حاڵەتێکی هەستکردن بە پوچی و نائومێدی دەبم، بێگومان بەشێکی ئەو حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بەو کەموکوڕیانەی لە بەرهەمەکەدا هەن و بەشێکیشیان دەگەڕێنەوە بۆ خواستەکانی خۆم و چاوەڕوانیەکانم لە خۆم.. لێشت ناشارمەوە زۆرجار چاپکردنی کتێبەکان دوژمنت بۆ دروست دەکەن، زۆرجاریش کتێبەکان ئەو کەسانەت لێ ئەکەن بە دوژمن کە تۆ چاوەڕێت کردوە ڕۆژگارێک دەستخۆشانەت لێ بکەن.. بێگومان دنیایەک کەموکوڕی هەیە کە ڕەنگە من خۆم ئێستاش هەستی پێ نەکەم، وەلێ دەزانم کە هەیەو تازە بە سەرمدا تێپەڕیوەو تازە هیچ پەیمانێکی درۆزنیش نادەم بۆئەوەی کە سبەینێ ئەم کەموکوڕیانە پڕ بکەمەوە. کتێبێک بۆ من بە کەموکوڕیەکانیشیەوە هەر جوانی خۆی هەیە، چونکە نیەتێکی خاوێن لە پشت نوسینیەوە هەبوە، بە تایبەتیش کاتێک بابەتی کتێبەکە قسەکردن بوبێت لەسەر دنیای بەرین و پڕ لە ژیاندۆستیی شاعیرێکی وەکو نالی..